
# تەرمەکەم دەنێژم

سارا سەردار



تەرمم لەسەر شانم بارێکی گرانە
خۆم پارچە پارچە دەکەم و
هەر پارچەیەکەم
لە سووچێکی شارەکە دەنێژم
دەستەکانم لێ دەکەمەوە و
لەناو باخچە کۆنەکەی گڵکەند دەیاننێژم
سەرم هەڵدەگرم و لە هەموو بیرەوەرییە
خۆڵەمێشییەکانم فۆرماتی دەکەم
لەسەر سەری منارە خوارەکەی چۆلی دایدەنێم
چاویلکەکانم لادەبەم و
هەردوو چاوم دەردەهێنم
لەسەر ئەو کورسییەی دادەنێم
کە ڕۆژێک بۆم نووسیبوو
«پەنایەک بۆ پێکەوەبوون...»
پەنجەکانم
دانە بە دانە لێ دەکەمەوە و
هەڵیاندەدەمە ئاسمان
دەیانبەخشم بەو ئێوارەبایەی
کراسە سپییەکەمی دڕاند
قاچەکانم
وەک دوو داری سووتاو
لەناو ئینجانەکەی پێش ماڵەکەم دەچێنم
با هەموو زستانێک
باران لێیان بدات و
قەت شین نەبنەوە..
ئیتر هەموو ڕۆژێ
دارشەقەکانم هەڵدەگرم و سەرێک لەم گۆڕستانە
دەدەم کە لە هەر سووچێکەوە
بەشێک لە ڕابوردوومی تیا نێژراوە
من و ئەم شارە مێژوویەکی سەیرمان هەیە
من، خۆمم لێرە ناشتووە
وەک ئەو ڕۆژەی
دایکم مرد و
ئێمە لەبەر خۆمان
ئەومان لە غەریبی ناشتەوە.